# سەکۆی کارەسات

حەمەسەعید حەسەن

ئێرە خاکی نێوانی دیجلە و فوراتە
لەو ڕۆژەوەی بەعسی خاوەن دەسەڵاتە،
ئەم وڵاتە
سەکۆی سەدان کارەساتە.
لەم وڵاتە وشەی ئازاد دەربەدەرە،
خۆشەویستی قەدەغەیە،
قین سەروەرە.
ئەم وڵاتە کارگەیەکە
شمشێروەشێن بەرهەم دێنێ،
بەڵگەیەکە بوونی دۆزەخ دەسەلمێنێ.

*

سەددام یەکەم خەلیفەیە
دەرگای حەرەمسەرای بە ڕووی
نەیاراندا بکرێتەوە،
یەکەمین سەرخێڵە لەنێو
منداڵاندا
جەستەی خۆی بشارێتەوە،
ئەو سەرۆکە دیرۆکییە
کە ڕەمزی ترسنۆکییە،
تەنیا لەبەر ئەوەی کوردین
دەیکوشتین و تەرمەکەی بزر دەکردین،
دەیکوشتین و پارەی فیشەک لەسەر خۆمان
دەیکوشتین و نەدەبوو کەس بگری بۆمان،
ئەزموونی لەسەر دەکردین،
وەکوو مشکی تاقیگە بین،
ژاراوڕشێنی دەکردین،
وەکوو مێشووله و کولله بین،
قەلاچۆ و قڕی دەکردین
وەکوو کرم و قالۆنچە بین،
زمانی داگیر دەکردین،
ناچاری ڕەوی دەکردین،
لە سایەی ڕەشی بەعسدا
ئێمە نەدەژیاین، دەمردین.

2003. 04. 04